# دەمارگیری نەتەوایەتی

✍: د. محمد أحمد گەزنەیی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان

**بەشی یەکەم**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين،

أما بعد:

هەموو کۆمەڵو نەتەوەو تاکەکەس لافی هۆشیاریو ماف پەروەریو ئازادی لێ دەدەن، بەڵام ئەوانەی بەراستی ئەو ڕەوشتانەیان هەیە کەمینەن، بۆیە زۆربەی خەڵکی داوای هۆشیاری دەکەن بەڵام فێڵی لێ دەکرێتو داوای مافپەروەری دەکاتو تاوان ئەنجام دەداتو داوای ئازادی دەکاتو کردەوەی وەکو کۆیلەیەو داوای ئازادی دەکاتو بەڵام تەمبەڵو چاوی لە نانی خەڵکە.

بۆیە هەوڵ دەدەم بە گوێرەی توانا چەند نیشانەو ڕێسای بەردەستو ئاسان دەست نیشان بکەم بۆ ئەو کەسو کۆمەڵگایانەی کە ئەم خورەوشتە جوانانەیان هەیە.

ئەو ڕێسایانەش دوو جۆرن:

جۆرێکیان بۆ ئەوەیە کە تاکە کەس خۆی پێ تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ خورەوشتی جوانە یان ناشیرینە، جۆری دووەم بۆ ئەوەیە کۆمەڵگا خۆی پێ تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ کۆمەڵگایەکی باشو هۆشیارە یان کۆمەڵگەیەکی بەدڕەوشتو نەزانە.

١- ئەو ڕێسایانەی کە تاکە کەسی خۆی پێ تاقی دەکاتەوە ئەوانەن:

**ڕێسای یەکەم: ئەوەیە حەز دەکەی خەڵك چۆن هەڵسو کەوت بکەن خۆت وابکەی دەبیت بە پیاوێکی ڕەوشت بەرز.**

چونكه هەموو كەس حەز دەكات خەڵكانی دی دەستپاكو دەم پاك بنو یارمەتی خزمو جیران بدەنو ستەم نەكەن تا....، بەڵام بۆ خۆی حەز دەكات لەسەرووی هەموو یاساو ڕێسا بێت ستەم بكاتو كەس نەڵێت ستەمت كردییە، جا ئەگەر هاتوو خۆی وەك خەڵك حساب كردو ئەو كارانەی كرد كە بۆ خەڵكی پێی خۆشەو لەو ئیشانە دوور كەوتەوە كە بۆ خەڵكی پێی ناخۆشە ئەوە دەبێتە پیاوێكی ڕەوشت بەرز، هەروەها خراپترین ڕەوشت ئەوەیە كە ئادەمیزاد ئەنجامی ئەو خەیاڵە خراپانە بدات كە جار جارە بەدڵو مێشكیدا دێت، هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)**[1].

كەس لە ئێوە نابێت لە ئیمانداری تەواو تاوای لێ دێت چی بۆ خۆی خۆش دەوێت ئەوەیشی بۆ برای ئایینی خۆش بوێت. كەواتە پێویستە چیت بۆ خۆت خۆش دەوێت ئەوەشت بۆ برای ئاینیت خۆش بووێت، وە چیت بۆ خەڵكی دی خۆش دەویٚ ئەوەشت بۆ خۆت خۆش بوێت.

**ڕێسای دووەم: ئەوەیە: (بەشی خۆت لەبەشی خەڵك پتر دامەنێ لە سوودو خۆشی، وەبەشی خۆت لەبەشی خەڵكی كەمتر دامەنێ لە زیانو ناخۆشی).**

ڕێسای سێیەم: ئەوەیە: (ئەو ئەركو مافانەی پێویستە لەسەرت ئەگەر بەباشی ئەنجامتدا ئەوا چاوەڕوانی پاداشتو سوپاس لەكەس مەكە).

**ڕێسای چوارەم: ئەوەیە: (ئەگەر كەسێكت زۆر خۆش ویست چاوی خۆت مەنوقێنە لە ئاست كردەوە خراپەكانی، وە ئەگەر كەسێكت زۆر ڕق لێ دەبوو چاوی خۆت كوێرە مەكە لەئاست كردەوە باشەكانی).**

٢- ئەو ڕێسایانەی كە كۆمەڵگە خۆی پێ تاقی دەكاتەوە ئەوانەن:

**ڕێسای یەكەم: (ئەو كۆمەڵگایەی پابەندە بە شەریعەت كۆمەڵگایەكی بەرزە).**

**ڕێسایی دووەم: (ئەو كۆمەڵگایەی ڕاستو درۆ لەیەكتری جیا بكاتەوەو مومكینو موستەحیل لەیەكتر هەرباوێری كۆمەڵگایەكی هۆشیارە).**

---

(1) (البخاري في هامش فتح الباري: ٥٤/١، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٨٣) .

**ڕێسایی سێیەم: (ئەو کۆمەڵگایەی بتوانێ بەرژەوەنـــدی گـــشتیو بەرژەوەنـــدی تایبـەتی لەیـەکتری جیـا بکاتـەوەو پـتر گرنگـی بـە بەرژەوەنـدی گـشتی بـدات کۆمەڵگایەکی سەرکەوتووە).**

**ڕێـسای چـوارەم: (کۆمــەڵگای تونـدڕەو خـۆی خـۆی دەخـواتو کۆمــەڵگای بــێ دەمار خەڵك دەیخواتو کۆمەڵگای دەمـار مام ناوەندی نە خۆی خۆی دەخواتو نـە خەڵکیش دەتوانێ بیخوات).**

**ڕێسای پێنجەم: (هەر کۆمەڵگایەك سـودو زیانی دابو نەریتی خۆی بزانـێ دەتوانـێ دابو نەریت بەگوێرەی پێویـست بگـۆڕێ بـەرەو باشـتر، هـەر کۆمەڵگایـەك سـودو زیانی خۆی نەزانێتو بە کۆرانە دووبـارەو سێ بارەی بکاتەوە کۆمەڵگایەکی سەرلێ شێواوە).**

لە پاش ئەو پێـشەکییە باسـەکە دەکـەین بە دووبەش:

## بەشی یەکەم

### دەمارگیری عەشرەتگەری و سۆفی گەری و دەروێشی گەری:

### باســی یەکــەم: دەمــارگیری عەشرەتگەری:

عەشیرەتگەری چەند لایەنی سودو باشـی هەیەو چەند لایەنی زیان بـەخشو خراپـی هەیە:

لایەنە باشەکانی عەشیرەتگەری ئەوانەن: ڕاهاتن لەسەر ژیانی بە کۆمەڵو هاوکاریو هاریکـاری یـەکتر کـردنو بـەهانای یـەکتر چـوون پابەنـد بـوون بـە ڕاو وبۆچـوونی پیـــاوانی پـــیری دونیـــا دیتـــە، وە خۆبـەختکردن لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی عەشـــیرەت، وەپابەنـــد بـــوون بـــە داب ونەریتی عەشـیرەت، ئەمانـە خوڕەوشـتی باشن، چونکە پابەند بوونە بە جۆرێك لـە جۆرەکـانی یاسـاو دەرنەچـون لـە ڕێـساو ڕاهاتنە لەسەر ژیان لە کۆمـەڵگا، ئـەوەش جۆرێکە لە شارستانیو پێشکەوتن.

### لایەنە خراپەکانی عەشیرەتگەری:

عەشیرەتگەری زیانی هەیـە بـۆ دوو شـت: ڕەوشی ئایینی،و ڕەوشی ڕامیاری.

زیانەکانی بۆ ڕەوشتی ئایینی لەو خاڵانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێ:

١- پیادە کردنی (حدود وقصاص) زۆر گرنگە لە ئایینی ئیسلام بەڵام لە کۆمەڵی عەشیرەتگەری پشت گوێ دەخرێتو هیچ ئیشی پێ ناکرێت، لێرە دەتوانین چەند نمونەیەك بهێنینەوە بۆ چەسپاندنی ئەم قسەیە:

١- مەسەلەی (قصاص) ئەگەر کەسێك یەکێك بکوژێ لەناو عەشیرەتی خۆی نای کوژنەوە بەڵکو دەڵێن: پیاوێك لە عەشیرەت چوو با نەبێت بە دوو، بۆیە کەسو کاری کوژراو ناچار دەکەن کە سوڵح بکاتو بە خوێن وەرگرتن ڕازی بێت، کەواتە ئایەتی:

﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة: ١٧٩] ٠

بە تەواوی ڕەش کراوەتەوە لە نیزامی عەشیرەتگەری.

هەروەها سوڵحەکەیشیان بەپێی شەرع نییە، چونکە دەگۆڕێ بە گوێرەی بەهێزیو بێ هێزی بنەماڵەی کوژراو، ئەو بنەماڵانەی بەهێزن خوێنی زیاتریان دەدەنێ، بەڵام ئەو بنەماڵانەی بێ هێزن خوێنی کوژراویان کەمترە، ئەوەش پێچەوانەی ڕێسای شەرعە، چونکە لەشەرع خوێنی منداڵێکی فەقیری بێ هێز وەکو خوێنی پیاوێکی دەوڵەمەندی بەهێزە.

هەروەها زۆر جار بنەماڵەی بکوژ ژن دەدەن بە بنەماڵەی کوژراو لە جیاتی خوێن ئەوەش پێچەوانەی شەرعە، چونکە خوای گەورە دەفەرمێ:

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الإسراء: ١٥، وفاطر: ١٨، والزمر: ٧].

واتە: کەس تاوان و گوناهی کەسێکی دی هەڵناگرێ.

جا ئەو کەسەی زەلامێك بکوژێو خوشکەکەی ناچار بکەین مێرد(شوو) بە خزمی کوژراو بکات یانی براکەی تاوانی کردو سزامان لە خوشکەکەی وەرگرت ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئایەتە پیرۆزەیە.

هەروەها لە کاتی سوڵح حیساب بۆ منداڵە بچکۆلەکانی کوژراو ناکەن، زۆر جار وا دەبێ سەرۆکی بنەماڵەی کوژراو بە پیاوەتی سوڵح دەکاتو هەمووشت دەکاتە خاتری ئەو پیاو ماقووڵانەی هاتوونە بۆ مسرەتی -لەبەر هۆیەکی

خۆی حیسابی بۆ کردووە– ئەوەیش پێچەوانەی شەرعە، چونکە بە پێی شەرع خوێنی کوژراو میراتە بۆ منداڵەکانی پێویستە بە گوێرەی شەرع بەسەریاندا دابەش بکرێو کەس مافی ئەوەی نییە لەجیاتی ئەوان لێی خۆش بێت، هەروەها خۆیشیان مافی بەخشینیان نییە تا نەگەن بەتەمەنی هەژدە ساڵ.

بۆیە حەز دەکەم ئاگاداری هەموو لایان بکەمەوە هەرکاتێ ئامادەی مەجلیسی سوڵح بن هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە بکەن وپێ لەسەر ئەوە دابگرن کە نرخی خوێن دانەکە بە گوێرەی دیەی شەرعیو بەسەر منداڵو دایکو باوکی کوژراو دابەش بکەن، جا ئەگەر دایکو باوکو ژنو منداڵە گەورەکان لەبەشەکەی خۆیان خۆش بن دەتوانن بەڵام بە هیچ جۆر بەشی منداڵە بچوکەکان لێخۆشبوونی لێ دروست نییە.

٢- مەسەلەی (حد الزنا) لەم مەسەلەیەدا عەشیرەتەکات دابو نەریتی جیا جیایان هەیە، بەڵام هەموویان ڕێکن لەسەر چارەسەر کردنی مەسەلەکە بە پێچەوانەی شەرع، بۆ نمونە هەندێك لە عەشیرەتەکان ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکەن بە سزای پارەو ژن، واتە پارە لە زیناکار دەسێننو دەیدەن بەکەسو کاری ژنە زیناکەرەکە، یان ژن لە بنەماڵەی زیناکەرەکە دەسێننو دەیدەن بە کەس وکاری ژنەکەو ئیشەکە دەبڕێننەوە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو سزایەی کە شەرع دایناوە، هەروەها هەندێ عەشیرەت دابو نەریتی وایە کە ژنەکان دەکوژنو سوڵح لەگەڵ پیاوە زیناکەرەکان دەکەن، ئەوەش هەر پێچەوانەی شەرعە، چونکە لە شەرع کچ لەسەر زینا کردن ناکوژرێ، هەروەها سوڵح لەگەڵ پیاوی زیناکار دروست نییە، چونکە مەسەلەی سزای زیناکاران مافی خوایە بەتەنهاو هیچ مافی ئادەمیزادی تێدا نیە، بۆیە نە سوڵح کردن لەسەری دروستە نە شەفاعەتو واسیتە بۆکردنی دروستە.

٣- لەسەریەکتر کردنەوە: بەگوێرەی دابو نەریتی عەشیرەتگەری پێویستە لەسەر یەکتری بکەنەوەو یارمەتی یەکتر بدەن بە حەقو ناحەق، هەرکاتێ سەرۆك هۆز بڕیار بدات شەڕ بکەن لەگەڵ

عەشـیرەتێکی دی هـەموویان بـە قـسەی دەکـەن لەسـەر حـەق بێـت یـان لەسـەر ناحـەق بـێ، هـەتا ئەگـەر یـەکێك لـە عەشیرەتی خۆیان لەسەر ئیشی خراپ لێ درابێـت هـەموو دەچـن یارمـەتی دەکـەن، ئەمـەش پێـچەوانەی شـەرعە، چـونکە دروست نییە کەسێك یارمـەتی زاڵم بکـات هـەتا ئەگـەر براشـی بێـت، هـەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێ:

(العصبية أن تعين قومك على الظلم)[٢].

یانی جاهیلیـەتو کوفر ئەوەیـە یارمـەتی عەشرەتەکەت بکەی لەسـەر ستەمکاری.

لەو بارەیەوە فـەرموودەی پێغەمبـەر ﷺ گـەلێك زۆرە هـەروەها هـەموو ئـەو فەرمودانـەی باسـی خراپـی قەومییـەت دەکـەن هـەمووی مەبەسـت عەشـیرەت گەرییـە، چـونکە لەسـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ هـەر نەتەوەیـەك عـەرەب ئیـسلام بـوونو هێـشتا فـرە نەتـەوە لـە ئیـسلام دروست نـەبوو بـوو، بۆیـە هـەر لـەو کاتـە قەوم بە مانای عەشیرەت بەکار دەهات.

٤- ئەگەر یەکێك لە عەشیرەتێك کەسێك بکـوژێ لـە عەشـیرەتێکی دی ئـەوا عەشـیرەتی کـوژراو هـەمووی دەبێـت بـە دوژمـن لەگـەڵ هـەموو عەشـیرەتی بکـوژ، هەرچی بکەوێتە بەردەست دەیکوژن زۆر جار وادەبێ لەوناوە پێنج شـەش کەسـی بێ تاوان دەکوژرێو تاوانباریش بۆ خـۆی بـە ئـازادی دەسـوڕێتەوە ئـەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئایەتی:

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الإسـراء: ١٥، وفاطر: ١٨، والزمر: ٧] .

**زیانەکانی بۆ ڕەوشتی ڕامیاری کۆمەڵ لەو خاڵانەی خوارەوە دەردەکەون:**

١- ئـەو گەلانـەی عەشـیرەتگەریان لـەناو بەهێز بێت ناتوانن دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی دروست بکەن، بۆیە یان نابن بە دەوڵـەت یان دەوڵـەتێکی تاکە عەشرەت دروست دەبێـتو عەشـرەتەکانی تـر دەچەوسێنەوە، هۆیەکەیشی ئەوەیە: ئەو کەسـانەی پابەنـدن بـە دابو نـەریتی عەشـیرەت تـەنها بـیر لـە بەرژەوەنـدی خۆیـانو عەشـیرەتەکەیان دەکەنـەوەو بەهیچ جۆر بیر لە بەرژەوەندی نەتەوە بە گشتی ناکەنـەوە، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە

---

(2) (سنن ابن ماجة: ١٣٠٢/٢، رقم: ٣٩٤٩، وسنن أبي داود: ٣٣١/٤، رقم: ٥١١٩، وضعفه الألباني في: ضعيف الجامع الصغير: ٣٨٦٣) .

لەگـەڵ عەشـیرەتەکانی تـری نەتـەوەی خۆیان هـەر لـە ململانـێو شـەڕن زۆربـەی کـات، چـونکە هـەر عەشـیرەتێك لەسـەر قەوارەیـەك عـەرز دەژیو سـاڵ بـە سـاڵ نـەوەکانی زیاد دەبێت بـەهۆی زاوزێ، و قـەوارەی عەرزەکەیـشی هـەر وەك خـۆی دەمێنێو زیاد ناکات، کەواتە ساڵ بەسـاڵ پێویـستیان بـەوە هەیـە کـە قـەوارەی عـەرزی خۆیـان گـەورەتر بکـەن لەسـەر حیـــسابی جیرانـــەکانیان، هــــەروەها جیرانەکانیشیان وەکو ئـەوان پێویستیان بە عەرز زیاد کردن هەیە، بۆیە هەر لایـەك لە خۆی ڕاببینێت گێچەڵ بەوی تر دەکات بـۆ داگـیر کردنـی پارچـە زەوییـەك یـان گونـدێك، بۆیـە هـەر عەشـیرەتێك حـەز دەکـات عەشـیرەتەکانی جیرانـی بـێ هێـز بێـت، جـا ئەگـەر حکومـەتێکی بیـانی لـە عەشیرەتێك بدات زۆر کەیف خۆش دەبن، چـونکە بـێ هێـزی دەکـاتو ئـەوانیش دەتـوانن چـەند پارچـە زەوی بـۆ خۆیـان داگیر بکەن، بـەڵکو ئەگـەر بتـوانن لەگـەڵ حکومەتـە بیانییەکـە تـەعاون دەکـەن لەبەرامبەر ئەوەی کـە عـەرزی عەشـیرەتە لێقەوماوەکـە بـۆ ئـەوان بێـت، ئـەوەش

پێـچەوانەیە لەگـەڵ بـیری نەتەوایـەتی، چـونکە بەڕێـسای نەتەوایـەتی واجبـە لەسەری یارمەتی عەشیرەتەکەی جیرانـی بـدات، چـونکە نەتـەوەی خۆیـەتی لـەو حاڵەتـــە دژایـــەتی دەکەوێتـــە نێـــوان بەرژەوەنـــدی عەشـــیرەتگەریو نێـــوان بەرژەوەنـدی نەتەوەپـەروەری، جـا دابو نـەریتی عەشـیرەتگەری فـەرزی دەکـات لەسـەری بەرژەوەنـدی نەتـەوە بکاتـە قوربانی بەرژەوەندی عەشیرەت.

بەو جۆرە هەرچەندە زۆرو بەهێز بن نابنە دەوڵـەت، چـونکە ئـەو دەوڵەتانـەی هـەر چەندە لاوازو بێ هێز بـن لـە عەشـیرەتێك بـەهێز تـرن بۆیـە دەتـوانن عەشـیرەت لەدوای عەشیرەت سەرکوت بکەنو داگیر بکەن تا هەموویان داگیر دەکەن.

هەروەها ئەگەر هاتو لـە هـەلو مـەرجێك ڕێککـەوت عەشـیرەتێك تـوانی دەوڵـەت دروست بکات، نابێت سنوری ئەو دەوڵەتە لـە سـنوری عەشـیرەت بپەڕێتـەوە بـۆ عەشیرەتێکی دی، چونکە ئەگـەر بیـەوێت سـنوری عەشـیرەتەکەی دی ببـەزێنێت عەشیرەتەکە بەرگری لـەخۆی دەکـات بـە هـەموو هێـزو توانـا هـەتا لەوانەیـە بـچێت

داوای هێز بكات له دەوڵـەتێكی بیـانی بـۆ شەڕ كردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی نەتەوەی خـۆی، چـونكه دەوڵـەتی عەشـیرەتەكەی تـره جـا ئـەو كـاره هەرچـەنده بەڕێسای نەتەوەپـــەروەریی خیانـــەتی گەورەیـــە، بەڵام بەڕێسای عەشیرەتگەری بـەرگرییـە لــه ســەروەری عەشــیرەتو كــارێكی زۆر شێرانەیه، جـا ئەگـەر هـاتو بـەرگری پـێ نەكرا به هیچ جۆر وناچار بوو تەسلیم بـه ئەمری واقیع بێت ئەوه لەسەرەوه لەگـەڵ دەوڵەتەكەیە، بەڵام تا بتوانێت زیـانی لـێ دەداتو تەمـــەنای ڕووخـــانی دەكـــات و بەچـاوی سـتەم كـارو داگیركـار تەماشـای دەكات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئـەوەی كـە عەشـیرەتی سـەرۆك خۆیـان بـە خـاوەن هــەموو شــت بــزانن، بــە چــاوی گومــان تەماشـای ئەنـدامانی عەشـیرەتەكانی تـر بكـەن جـار جـارەش سـتەمو زوڵمیـان لێ بكـەنو دەوڵـەتیش چـاو لـە زوڵمـەكانیان بپۆشـێ، چـونكه عەشـیرەتی خـۆی بـە پاســەوانو قــەڵغانی دەوڵــەت دادەنــێ و عەشــیرەتەكانی دی بــە نیمــچە خــائین دادەنێ، بۆیه به هیچ جۆر عەدالەت ناكات له نێوان پاسەوانو قەڵغانی دەوڵـەتو لـه نێوان نیمچه خائینان، كەواته دەوڵەتێكی ناعەدلی لێ دەردەچێت هـەروەها سـەرۆك دەبێــت بــە دیكتــاتۆرێكی زۆر خــراپ، چــونكه عەشــیرەتەكەی هـــەر پـــشتی دەگرێــت لەســەر حــەقو ناحــەق بۆیــە دەبێتە نمونەی دەوڵەتی پڕ ئاژاوەو پـاش كەوتوو زوڵمو ستەم.

بۆیـه ئەوكەسـانەی بـیری عەشـیرەتگەری بەســـــەریان زاڵ بێـــــت ئەگـــــەر عەشیرەتەكەیان ببێتە نۆكەری بێگانەو لە دژی بەرژەوەنـــدی نەتـــەوەی خۆیـــان بجـەنگن بـە خیانـەتی نـازانن، بـەڵكو بـە پاراســـتنی بەرژەوەنـــدی عەشـــیرەتی خۆیانی دەزانن.

## پێشنیار:

بــۆ گەشــه پێــدانی لایەنــه باشــەكانی عەشــــیرەتگەری وكــــەم كردنــــەوەی زیانـەكانی لایەنـه خراپـەكانی پێویـستە پەیڕەوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بكەین:

١- هـەوڵ بـدەین لایـەنی پێكـەوە ژیـانو یارمەتی یەكتر دانەكە گەشە پێ بدەین بۆ ئــەوەی لــە چــوار چــێوەی عەشــیرەت بپەڕێتــەوەو هــەموو نەتــەوە بگرێتــەوە، هەروەها هەوڵ بدرێت خۆبەخت كـردن بـۆ

بەرژەوەندی عەشیرەت پەرە بسێنێت و ببێت بە خۆبەخت کردن بۆ بەرژەوەندی نەتەوە، ئەوەش بەوە دەکرێت ڕێسای نەتەوە پەروەرییان بۆ دابڕێژرێت بە گوێرەی بیروبۆچونی ئەوان، بۆ نمونە دەتوانین پێیان بلێین: نەتەوەپەروەر ئەو کەسەیە هەرچی بەلاوە خراپە دەرحەق بە عەشیرەتی خۆی پێویستە بە خراپی بزانێ دەرحەق بە نەتەوەی خۆی.

٢- پێویستە ئەو خەڵکانەی تا ئێستا پابەند بوون بە دابو نەریتی عەشیرەتگەری لە بارەی سزای (قصاص وحدود) تێبگەیەنرێن کە سزای یاسایی عادیل ترە لە سزاکەی ئەوان، ئەوەش پێویست دەکات بە هۆشیاری یاساییو عەدالەتیو بێ لایەنی دەزگای لێکۆڵەرەوە و بڕیاردان(التحقيق وقرار المحكمة) چونکە ئەگەر گومانی هەبێت لە دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانی(التحقيق الجنائي) وەکو ئەوە: وا بزانێ بەرتیل خۆرنو بەهۆی بەرتیل تاوانبار بە بێ تاوان دەنوسن، یان گومانی هەبێت لە ویژدانی دادوەر وەکو ئەوە: وابزانێ کەسەر بە لایەنێکەو هەر بۆ لای ئەو ڕای دەکێشێ، یان گومانی هەبێت لە خودی یاسا، وەکو ئەوە: وابزانێ کە یاساکە یاسایەکی ناعەدلە لەو حاڵەتانە دابو نەریتەکەی خۆی پێ باشترە، چونکە نیمچە عەدالەتێکی تێدایە، بەڵام ئەگەر بڕوای هات بەوەی کە یاساکە پتر عەدالەتی تێدایە لە دابو نەریتەکەی خۆیو دەستەی لێکۆڵەرەوە پاکو بێ گەردەو دادوەر زاناو بە ویژدانو بێ لایەنە ئەو کاتە تاوان لێکراو حەز دەکات ئیشەکە لە دادگا یەکلا بکرێتەوە، چونکە عەدالەتەکەی پترە.

٣- پێویستە بە ڕەهایی بوار بۆ سەرۆك هۆزەکان واڵا نەبێت: چونکە لەوانەیە سودو بەرژەوەندیان هەبێت لە خۆ هاویشتنە ناو ئەو کێشانەو حەز بکەن خۆیان وانیشان بدەن کە ئەوان حکومەتی هۆزنو هەموو حەلو فەسلێ هەر لە دەست ئەوانە، بۆیە لەوانەیە هەر حەلی لە دادگا بکرێت، ئەوان هەوڵی تێکدانی بدەن بۆیە پێویستە پەرو باڵیان بکرێت بە جۆرێ کە نەوێرنو نەتوانن هەوڵی تێکدانی بدەن.

٤- هەڵمەتێكی ئایینی ڕێكوپێكو هۆشیار كەرەوە بكەینە سەر ئەو دابو نەریتانەی نـاكۆكن لەگـەڵ ڕەوشـتی ئـایینیو زیانبەخـشن بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی كۆمەڵگا، ئەویش كاریگەرێتی خۆی هەیە لەسـەر ئەوكەسـانەی لایـەنی ئـایین پەروەرێتیان بەهێزە.

## باسی دووەم: دەمارگیری دەروێشی و سۆفیاتی:

دەروێشیو سۆفیاتی گەری لە مێژە لە كوردسـتان هەیـەو پـەرەی سـتاندیە، چونكە لە سەرەتای وولات گێری (فـەتحی ئیسلامی) بۆ كوردستان لەشكری ئیسلام هـەوڵی ئـەوەی نـەدا بـە تـۆبزی خـەڵكی بكـات بـە ئیـسلام، بـەڵكو ئـەو لەشـكرە تەنها هجومی دەكردە سەر هێزە ڕۆمانیو ئێرانییەكانی ئەو ناوچـەیەی لـە ئەسـتۆی خـۆی گرتبـوو، پـاش پاككردنـەوەی ناوچەكە لەو هێزانەو دروست كردنی دامو دەزگای تازە، كاربەدەستان هەستان بە دانانی (جزیەو خراج) لەسەر خەڵكەكە بە بێ جیاوازی لە نێوان جو و دیان(اليهـود والمسيحي) وە ئاگر پەرستو بت پەرستو هەر ئایینێكی تر[3] پاش دروست بوونی دامو دەزگـای حكومـەتی ئیـسلام لـە ناوچەكە، هەندێ لە خەڵكەكە هەوڵیاندا لـەو ئایینـە تازەیـە شـارەزا بـن، پاشـان ڕێبـازی سۆفیایەتی دەورێكی كاریگـەری هەبوو لە پەرە پێدانو لـەبڵاو كردنـەوەی ئەو ئایینە تازەیە لەناو خەڵكەكە.

بـە گـوێرەی زانینـی مـن: یەكـەم شـێخی تەریقـەت لـە ئێـران هـات بـۆ كوردسـتان ئەویش ناوی (باپیر بووە كوڕی بایەزیدی بۆسـتامیە) لـە سـاڵی٣٨٠هـ لـە بۆسـتام هـاتووەو تەریقەتیـشی (تـەیفوری بـووە) چونكە بایەزید ناوی تـەیفور بـووە، بـەڵام لـە كوردسـتان نـاوی بـە (بـستامی) دەركردووە كوردەواری خۆمـان جـار جـار باستامی پێ دەڵێن.

ئەو زاتە كوڕێكی هەبووە بە ناوی بایەزید بووە بە ناوی باوكی خۆی كردۆتەوە، ئەو بایەزیـدە زۆر دەوری هـەبووە لـە بـڵاو

---

(3) أبو يوسف، كتاب الخراج: ص٤١و١٢٨، حيث قال: (وجميع أهل الشرك من المجوس وعبدة الأوثان وعبدة النيران والحجارة والصابئين والسامرة، تؤخذ منهم الجزية، ما خلا أهل الردة من أهل الإسلام).

کردنـــەوەی ئیـــسلام، تەریقەتەکەیـــشی بەناوی خۆی ناوبانگی دەرکردووە.

پاش ئەو زاتە شێخ (عدی کوڕی موسافر) دەکەوت ئـەو زاتـە عـەرەب بـوو لـە شـام هــاتبوو بـۆ کوردســتان، پاشــان شــێخ عبــدالعزیزی کــوڕی شــێخ عبــدالقادری گەیلانی هاتە ناوچەکە، ئـەوان هـەموو لـە ناوچــەی هــەولێرو بادینــان بــوون لــە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆر بوون، لەوانە شێخ خالدی کوڕی حەسـەن کـوڕی علـی کوڕی شێخ حسن الـــشاذلی هاتـە دەوری مــەریوان، پاشــان بــە بنەماڵــەی کــاکۆ زەکەریا ناوبانگیان دەرکردو شێخ عیساو شێخ موسا بەرزنجی ئەوانـە هەرکـەس لـە ئاستی خۆی دەورێکی کاریگەریان هـەبوو لـە بـڵاو کردنـەوەی ئیـسلام، بـە تایبـەت لەناو ئەو کۆمەڵانەی کە ئاگر پەرستو بت پەرسـت بـوون، بــەڵام ئەوانــەی پــێش ئیسلام ببون بە دیان یان ببون بـە جـو وا بە ئاسانی ئیسلام نەدەبوون.

پاشــان شــێخ زۆر بــوون لەبــەر ئــەوەی هــەموو منداڵــە شــێخەکان بــە ویراســی دەبوون بە شێخ و خەلیفـەکانیش هەنـدێ جـار ڕەگـو ڕیـشەیان لـەناو دڵـی کۆمـەڵی مەریدانـدا دەکوتــاو ســەربەخۆی خۆیــان ڕاگەیاند، ئەوانیش هەر دەبـوون بـە شـێخ هەروەها گـەلی دەروێشی هنـدیش کـە بـە ڕێگای ئێران دەهاتنە بەغـدا بـۆ زیـارەتی شێخ عبدالقادری گەیلانی لە گەڕانـەوەیان لە کوردستان دەمانەوە، هەندێکیان ژنیان دەهێنا لە کوردستان کۆمەڵێ شێخیان لـە پاش بە جێ دەما.

ئەو زۆربوونەی شێخان لە کوردستان بـوو بە هۆی ململانـێ لەسـەر (مناطق ونفـــوذ) ئەو ململانێیەش لەزۆر شت ڕەنگدانـەوەی هەبوو هەموویشی زیـان بـەخش بـوون بـۆ ئـایین و بـۆ نەتـەوە، بـۆ نموونـە هەنـدێ لایەنی ڕەنگدانەوەکە خۆیان لەو خاڵانـەی خوارەوە دەنوێنن:

١- گرنگیدان بە ڕەگەزی ویراسـی شـێخە ئەسڵەکان ئەوانەی بە ڕەگەز لـە باپیریـان عەرەب بوون یان فارس بوون یان هینـدی بوون، کەوتنە دیعایە لە شێخەکانی کە لە ئەسڵ کورد بوون، بابو باپیریان خەلیفـە بـــوو ســـــەربەخۆی ڕاگەیانـــــدبوو، دیعایەکەیشی بەو جۆرە بـوو: کـە شـێخی ڕاستەقینە ئەوەیـە کـە کـوڕی شـێخ بـێو نورەکـەی لـە پـشتی بـاوکی بـۆ هاتبـێو

ڕووحی باپیری هەردەم بەسەر خۆیی‌و مەریدەکانی بسوڕێتەوە، چونکە ئەو جۆرە شێخە ئەسڵییە ڕوحی باپیری بۆی دەبێت بە سوپەرو قەڵغان، شەیتان ناتوانێت زەفەری پێ ببات.

ئەو قسەیە ئەگەر چی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام پوچەڵە، چونکە باوکی ابراهیمﷺ کافرێکی بت پەرست بوو هیچ لە مەرتەبەی کەم نەکردەوە، کوڕی نوح ﷺ بە کافری لەناو ئاو خنکا هیچ سوودی لە پێغەمبەرایەتی باوکی نەدیت، هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(يا فاطمة بنت محمد سليني ما شئتِ من مالي، لا أغني عنك من الله شيئاً)[٤].

یانی: ئەی فاتیمەی کچی محمد ﷺچیت دەوێ لە ماڵی من داوام لێ بکە دەتدەمێ، بەڵام لای خوا لە قیامەت هیچ سودم بۆت نابێت.

بەڵام بە گوێرەی عەقڵی کوردەواری ئەو سەردەمە ئەو قسەیە زۆر کاریگەری هەبوو، چونکە زۆربەی ئەو کوردانەی موسڵمان ببوون لە ئەسڵ بت پەرست‌و ئاگر پەرست بوون، زۆر خورافیاتی بێ سەرو پێیان لەناو باوبوو، خورافیاتێك لە خورافیاتەکانیان ئەوە بوو کە ڕووحی مردوو زۆر بەهێزە دەتوانێت لە جۆرەها شێوە خۆی پیشانی ئادەمیزاد بدات، ئادەمیزادی زیندوو هەرچەندە بەتوانا بێت ناتوانێت لەبەرامبەر ڕوحی مردوو ڕاوەستێت یان دەست هەلێنێ، بۆیە دەبێت قەبرستان لە خۆشترو باشترین جێگا بێ، هەروەها شتیان ئامانەتی قەبرستان دەدا هەرشتێ ئامانەتی قەبرستان بدرابایە کەس نەیدەوێرا دەستی بۆ ببات بەمەبەستی دزی یان خراپە، هەروەها ئەگەر تووشی بەڵایەك بهاتنایە هاوارییان بۆ مردووی قەبرستان دەبرد بۆ ئەوەی ڕوحی مردووەکان یارمەتییان بدەن، بۆیە ئەو مەسەلەیەی کە شێخ ڕوحی باوکی یارمەتی دەدات تێرو پڕ بوو لەگەڵ عەقیدەکەیان‌و زۆر چاکیان وەرگرت هەرچەندە پێچەوانەشە لەگەڵ ئایینی ئیسلام.

---

(4) (البخاري، فتح الباري: ٣٨٦/٨، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٩٨٢) .

## سودو زیانی ئەو جۆرە بیرو بڕوایە:

بە نیسبەت شێخە ئەسڵەکان بەو دیعایە زیانێکی زۆریان بەڕەوشتی ئاییینیو کۆمەڵایەتی گەیاند خۆشیان هیچ سوودیان لێ نەدیت.

ئەو زیانەی لە ئایین کەوت بریتییە: لەوەی کە ئەو بڕوایە لە لایەك جۆشدانەوەیە بۆ عەقیدە کۆنەکەی پێش ئیسلام، لە لایەکی دی پیچەوانەی عەقیدەی ئیسلامە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێ:

(من أبطأ به عمله لم يسرع به نسبه)(٥).

واتە: هەرکەسێك لە ڕۆژی قیامەت کردەوەی خراپ بێت ودوای بخات نەسەبی سودی بۆی نابێت وپێشی ناخات ونایکاتە بەهەشتەوە٠

وەخوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات: ١٣] .

واتە: بەڕێزترین وباشترنتان لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەمووتان بەتەقواترە٠

هەروەها دەفەرمێ:

﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ﴾ [البقرة: ١٣٤، و١٤١] .

تا بڵێی ئایەتو حەدیس زۆرە لەبەرپەرچدانەوەی ئەو خورافیاتانە.

ئەو زیانەی بە کۆمەڵایەتییان گەیاند بریتییە: لەوەی کە لە مێشکی خەڵکەکە چەسپا کە شێخە ئەسڵەکان ئەوانەن کە لە بابو باپیریان کورد نینە، بەڵام شێخەکانی بابو باپیریان کوردە فەنتازینەو بەکەڵك هیچ نایێن، چونکە شێخی بەڕەگەز کورد لەخەڵك کەمترە، کەواتە سەرشۆڕ کردنی کورد بۆ نەتەوەکانی دی شتێکی سروشتییە، تا ئێستایش ئەو هەستە کاریگەرایەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە زۆر کەس لە ئێمە کە دەگاتە پلەو پایەیەکی باش هەوڵ دەدات بنەچەکی خێزانەکەی بکات بە عەرەب یان تورك یان فارس یان هیندی، چونکە هەست بەوە دەکات کە پیاوی گەورە نابێت بەڕەچەڵەك کورد بێ، ئەو هەستە

---

(5) (جزء من حديث أخرجه الترمذي، عارضة الأحوذي: ١١/٦٤، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٧١٥)٠

هەرچەندە لەبارەی ئایین شتێکی خراپە، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ:

﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات: ١٣] .

بەڵام لە ناخی زۆر کەسی کورد هەیە لەبەر ئەو هۆیەی کە باسمان کرد، هەروەها هیچ سودیان لە دیعایە نەکرد، چونکە شێخەکان بە ئەسڵ کورد بوون زۆربەیان توانیان سەرجەلەی ناکوردایەتی بەدەست بهێنن، کەواتە نەیانتوانی لەساحەکە وەدەریان بنێن، بۆنمونە کە شێخە بەرزنجییەکان ویستیان (مەولانا خالید) سوك بکەن بەهۆی ئەوەی نەسەبی سێدایەتی نییە، موریدەکانی مەولانا گوتیان: مەولاناکە چی جافە، بەڵام تیرەی ئەوان نەسەبی دەگاتەوە ئیمامی عوسمان ﵁ کەواتە بەنەسەب ئەمەوییەو حەزرەتی عوسمانیش﵁ سێیەم خەلیفەی ڕاشیدە، بەو قسەیە توانییان بەرپەچی بەرزنجییەکان بدەنەوە[٦] .

٢- گرنگی دان بە مەدحی شێخەکان ئەو مونافەسەی شێخان وای کرد لە موریدەکان موبالەغە بکەن لەوەسفی شێخ، هەرکەس مەدحی شێخەکەی خۆی دەکرد بۆ کەسب کردنی خەڵك ئەو مەدح کردنەش بوو بەهۆی زیان لەسەر ئایین، چونکە بەنەزانی دەکەوتنە ناوی‌و حودودی مومکین‌و موستەحیلیان نەدەزانی، هەروەها حودودی دروست‌و نادروستیان دەبەزاند وە حودودی مەعقول‌و نامەعقولیان تێکەڵاو دەکرد، وەکو ئەم نمونانە: شێخ دەتوانێت بچێتە مەکەو نوێژ بە جەماعەت بکات‌و هەمان ڕۆژ بێتەوە ماڵی.

(6) لێرە حەز دەکەم ئاماژە بە شتێکی زۆر گرنگ بکەم ئەوەیش ئەوەیە کە هەندێك لە مێژوونووس دەڵێن: کورد ئەسڵی عەرەبە، لێرە حەز دەکەم هەموومان ئەو ڕاستییە بزانین کە سەرچاوەی ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانەی نێوان شێخی ئەسڵی وشێخی فەنتازی، چونکە ئەوانەی ئەو قسەیان بڵاوکردۆتەوە وبرەویان پێ داوە کوردن، بۆ نمونە: (ابن خلکان) ئەو قسەی برەو پێداوە ئەویش کوردە، هەروەها(شێخ ابراهیم الگورانی) ئەو قسەی دووبارە کردۆتەوە ئەویش هەر کوردە، هەروەها ئەو زانا عەرەبانەی ئەو قسەیان بڵاوکردۆتەوە ئەوانیش برادەرو دۆستی شێخە کوردەکان بووینە، ولەبەر خاتری ئەوان ئەو قسەیان بڵاوکردۆتەوە، چونکە لەو کاتە بیری تەعریب کردنی کورد لە ئارا نەبوو.

ئەو قسە زۆر نامەعقوڵە بە پێی شەرع، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەیتوانی لە مەکە بچێتە مەدینە لەسەفەری هیجرەت بەو جۆرە، چونکە ئەگەر بەو جۆرە بیتوانیبایە خۆی توشی ئەو ماندووبونو برسیبوونو خۆشاردنەوە لە غاری حیرا نەدەکرد.

یان دەیانگوت: شێخ چاو بچوقێنێ هەموو شت دەزانێ ئەوەش ڕاست نییە، چونکە خوا دەرحەق پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

﴿وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ﴾ [الأعـراف: ١٨٨]٠

واتە: ئەگەر من (پێغەمبەرﷺ) غەیبم بزانیبایە ئەوا چاکەم زۆر دەکرد هەرگیز توشی خراپە نەدەبوم٠

وەدەفەرمێ:

﴿قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ﴾ [الأحقاف: ٩] ٠

واتە: من(پێغەمبەرﷺ) تەنها پێغەمبەر نیم کە نێردرابێتم ولەپێش من هیچ پێغەمبەری تر نەنێردرابێت، وە من نازانم خوای گەورە من وئێوە توشی چی دەکات وچیمان لێ دەکات، بەڵکو من تەنها شوێنی ئەو سروشە دەکەوم کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆم دێت٠

وە دەفەرمێ:

﴿قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾ [الأنعام: ٥٠] .

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان بڵێ من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوای گەورە لای منە، وەپێیشتان ناڵێم کەمن غەیب دەزانم٠

وە لەکاتی بە پێغەمبەریاندا ﷺهەڵگوت: (وفينا نبي يعلم ما في غد)٠

واتە: پێغەمبەرێکمان هەیەﷺ دەزانێت بەیانی چی ڕوودەدات، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لا تقولي هكذا)[7].

واتە: وامەڵێ٠

یان دەیانگوت: شێخ جارێك تەوەجوهی کرد لە ڕەوسەی گەنم گەنمەکە بە خۆی لە کایەکە جیا بوەوە ئەتگوت شەنەبا کراوە، یا دەیانگوت: کابرایەك تووشی نەخۆشی گەڕی هاتبوو هەموو دکتۆری دونیایان کرد هیچیان پێ نەکرا هاتە خزمەت شێخی بە فوو چاکی کردەوە، یا

(7) (البخاري، فتح الباري: ٧/٢٤٤، وانظـر: مـشكاة المصابيح: ٣١٤٠) ٠

دەیانگووت: هەموو ساڵێك لەو شەوەی ئەرزاقو باران دابەش دەكرێت شێخیش لەو لیژنەیە ئەندامە كە دابەشی دەكەن، كەچی خوا دەرحەق پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ﴾ [الأنعام: ١٧] .

واتە: ئەگەر خوای گەورە توشی زیانێكت بكات ئەوا كەس ناتوانێت لەسەرتی لابات تەنها خۆی نەبێت.

یا دەیانگوت: هەرچی لە فەرمانی شێخ سەرپێچی بكات شێخ لەقەی لێ دەدات، كەچی خوای گەورە دەرحەق پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

﴿قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا﴾ [الجن: ٢١] .

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان بلێ من موڵكی زیان وسود پێگەیاندنی ئێوەم نییە.

زۆری دی لەو قسە بێ سەرو بەرانە.

ئەو جۆرە مەدح كردنە زیانبەخشە بۆ ڕەوشتی ئایینی ئیسلام، چونكە پێغەمبەر ﷺ ئەو پلەو پایەیەی نەبووە، كەواتە لە مێشكی خەڵك دەچەسپێ كە ئەو شێخانە پلەو پایەیان لە پێغەمبەرﷺ گەورەترە كە ئەوەیش موسیبەتە.

زیانێكی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە ئایینی پیرۆز ئایینێكی ڕوحییە ئامانجەكەی بەرز كردنەوەی ڕەوشتی موسڵمانەو نزیك بوونەوەیە بۆ لای خوای پەروەردگارو ڕووكردنە بەرەو قیامەتو نەترسانە لە دونیا، كەچی ئەو قسانەی ئەوان ئامانجەكە دەگۆڕێ بۆ ئایینێكی ماددی، چونكە داوا لە موریدان دەكات خۆیان تەسلیمی شێخ بكەن نەوەك شێخ لەقەیان لێ بداتو توشی ناخۆشیان بكات، كەواتە لەترسا یان بۆ ئەوەی شێخ بەشی باشیان بۆ داوا بكات لە رزق لەكاتی دابەش كردنی كەواتە بۆ قازانج، یان بۆ ئەوەی نەخۆش بوون شێخ داوای شیفایان بۆ بكات تا دوایی.

هەروەها فێری واسیتەو واسیتەكارییان دەكات، چونكە هەر ئیشێكی پێویستیان هەبێت شێخ دەكەن بە واسیتە بۆ لای خوا، هەمووشمان دەزانین هەر دەوڵەتێك واستەو واسیتەكاری لەناودا بڵاو بێتەوە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە حوكمڕانەكانی ناعادلنو بێ ئاگانە لە

پێویستی گەلەکەیان، چونکە ئەگەر عەدالەتیان بکردبایە خەڵك ناچار نابوو ڕیشوەت بدات یا واسیتە بکات.

جا نازانم ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن وا تێ دەگەن خوا ناعادلە هەتا واسیتە بە شێخ بکەن، یان واتێدەگەن دەنگیان بە خوا ناگاتو خوا ئاگادار نییە لە حاڵو باڵیان جا واستە بە شێخ دەکەن تا سکاڵاکەیان بگەیەنێت بەخوا، ئەوەش پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامە چونکە خوا ئاگادارە بە هەموو شتو عادیلە.

٣- ململانەو پاوان خوازی: هەرشێخێك ڕەگو ڕیشەی داکوتا لە ناوچەیەك ئەوە ئەو ناوچەیە بە مولکی خۆی حیساب دەکات لە شێخایەتی کردنی، ئەوە پشت بە پشت بە میرات ئەو شێخایەتی لە باوك بۆ کوڕ بەجێ دەمێنێ، جار جارە ئەگەر شێخ کوڕی نەبێت کچەکەی دەبێت بە شێخ، وکەس مافی شێخایەتی کردنی نییە لەو ناوچەیە یان لەناو ئەو عەشیرەتە، ئەو پاوان خوازییە جار جار شەڕی نێوان دوو عەشیرەتی لێ دروست دەبوو، نمونە: هەندێ جار دوو عەشیرەت یان خەڵکی دوو ناوچە نێوانیان ناخۆش دەبوو بەهۆی نێوان ناخۆشی شێخی هەردوو ناوچەکە.

**بۆ ئاگاداری:**

١- لێرە من حەز دەکەم ئەمە ڕوون بکەمەوە کە تەسەوفی ڕاستەقینە ڕاستەو ئەویش بریتی‌یە لە چەند ڕەوشتی جوانو بەسود بۆ کۆمەڵ، وەکو ڕاستگۆییو یاریدەدانی حەق هەتا ئەگەر ئەوکەسە توشی زیانیش ببێت بەگژدا چوونەوەی ستەم هەتا ئەگەر تووشی زیان ببێ، وبەگژداچونەوەی ستەم هەتا ئەگەر توشی زیان ببێ وژێریش کەوێ، ڕازی بوون بە فەقیریو نەداری و دوور کەوتنەوە لە هەواو هەوەسو زۆر شتی خراپی دی.

٢- ئەو شێخە پایەدارانەی وەك شێخ عبدالقادری گەیلانیو شێخ عبدالعزیزی کوڕیو شێخ عەدی کوڕی موسافیرو شێخ بایەزیدی بۆستامیو مەولانا خالید، ئەوانە پیاوی عالم بوون، وئیسلامی ڕاستەقینەیان بە خەڵك نیشان دەدا و بەربەرەکانیو خورافیاتیان دەکرد، ئەبو یەزیدی بۆستامی دەفەرمێت: (ئەگەر تەماشای پیاوێکتان کردو دیتان زۆر شتی

عەنتیکەی بۆ دەکرێ و هەتا دەتوانێ بشفرێ لە هەوا پێ هەڵمەفرێوێن تا تەماشای کردەوەی دەکەن و دەبینن چۆنە لە بەرامبەر فەرمانەکانی خوا)[8].

ئیمامی جەعفەری سادق دەفەرمێ: (ئێمە بەندەی خوداین خودا ئێمەی دروست کردووەو هەڵیبژاردووین واللە ئێمە هیچ ماف و بەڵگەمان لەسەر خودا نییەو هیچ بەڵێنمان نییە لە خوا کەئێمە مەعفوینە، ئێمە دەمرین و ڕادەگیرێین و لێمان دەپرسرێتەوە)[9].

یانی ئەگەر کردارێك بە پێی شەرع بوو ئەوا شتەکەی کەرامەتە بەڵام ئەگەر کرداری بە پێی شەرع نەبوو ئەوە سیحرەو لە شەیتانەوەیە.

ئەو خواناسانە بە موریدانیان نە دەگووت: مەدحمان بکەن بەڵکو بە مەدح کردن دڵ گران و عاجز دەبوون.

ئەو پیاوە چاکانە بە کەسیان نەدەگووت: کوڕەکان و نەوەکانمان هەردەبێ شێخ بن ئەگەر نوێژ نەکەریش بن و هەردەبێ دەستیان ماچ کەن.

ئەو پیاوچاکانە نەیانگوتییە: ئەو ناوچەیە یان ئەو عەشیرەتە پاوانە بۆ نەوەکانم و نابێ کەسی دی ئیرشادی تێدا بکات.

ئەو پیاو چاکانە قەت نەیاندەگووت: شیفای نەخۆش بە دەستی ئێمەیە یا ڕزق دابەشکردن بە دەستی ئێمەیە، چونکە هەرکەسێ بڕوای وابێ خوا ئیش و کاری خەڵکی داوەتە دەست مەلائیکەتەکان یان پێغەمبەران یان پیاوچاکان، ئەوان ڕزق بەش دەکەن یان باران دەبارێنن یا دەتوانن خەڵك بمرێنن ئەوانەی کردووە بە هاوتای خوا[10].

---

(8) (ريسان حسن البسطامي، بايزيد البسطامي الإختيار عند اليزيدية، مطبعة وزارة الثقافة، أربيل سنة ٢٠٠٠ ص١٣).

(9) د. السيد علاء الدين القزويني، مسائل عقائدية، مطبعة الشهيد، (قم) سنة ١٩٩٧، ص٢٨ ونصه: قال الإمام الصادق: (ما نحن إلا عبيدالله الذي خلقنا واصطفانا، والله ما لنا على الله حجة وما معنا من الله براءة، وإنا لميتون وموقوفون ومسؤولون)

(10) د.السيد علاء الدين القزويني، المصدر السابق: ص٣٢، ونصه: (فلو اعتقد أحد بأن الله فوض أمور العالم وتدبيرها من الخلق والرزق والأمانة ونزول الثلج والمطر، وغير ذلك من حوادث العالم الى ملائكته أو صالحي عباده، فقد جعلهم أندادا له سبحانه.

بۆیـێ شـێخە خواناسـەکانی کوردسـتان لەگەڵ ئەوە نەبوونە کە شێخایەتی ببێت بە ویراسـی هـەروەها لەگـەڵ ئـەو مـەدحو خۆهەڵکێـشانە بـێ سـەرو بـەرە نەبوونـە لەگـەڵ ئـەو ململانـێو پـاوان خوازییـە نەبوینـە چـونکە پیـاوی بـاش حـەز لـە مەدحو خۆهەڵکێشان ناکات.

لێـرەدا لەوانەیـە یـەکێك بپرسـێو بڵـێ: ئەگەر ئەو پیاوچاکانە مەحسوبو موریدی خۆیان هان نەدابێ بۆ ئەو جۆرە بیروبڕوا خراپانە ئـەو موریدانـە ئـەو قسانەیان لـە کوێ هێناوە؟

وەڵام: بە بۆچوونی من ئەو توندڕەویەی ئەو سۆفیو دەروێشانە دەگەڕێتـەوە بـۆ حاڵەتی نەفسیو دەروونی خۆیان، چونکە پێویستە ئێمە ئەوە بزانین کە ئەو میللەتە پـێش ئیـسلام بـوونی چـەندەها ئـایینی هەبووە زۆربەی ئایینەکانیش پڕبوونـە لـە خورافیـات، بـۆ نمونـە: زۆر بایـەخیان بـە مەسـەلەی جنۆکـە داوەو وای لێ حـاڵی بوونە کە جنۆکە هەموو شتی پێ دەکرێ بۆیـە بـەڕێزەوە ناویـان هێنـاون ونازنـاوی گەورەیان بۆ داناون وەکو: لە ئێمە چێترو دێوو پەری.

ئەگـەر بێـت ئێمـە لێکۆڵینـەوە لـەو سـێ نازنـاوە بکـەین بۆمـان دەردەکـەوێت کـە جنۆکە زۆر گرنگ بووە لە بیروباوەڕی ئەو نەتەوەیە، چونکە وشـەی لـە ئێمـە چێتر ئیعتیرافـە بـە بـێ نرخـی ئـادەمیزادو پـڕ بایـەخی جنۆکـە، بۆیـە بـە زمـانی خـۆی ئیعتیراف دەکات کـە جنۆکـە لـەو چاترە هەروەها دێو تا ئێستایش باسی کەسێکی ئازاو بەهێز دەکەن دەڵێن: دەڵێـی دێـوە هـەروەها مـەدحی ژنێـك بکـەن دەڵـێن: دەڵێی پەرییە.

هەروەها کێوەکانی کوردستان هەردەم پڕ بووە لە شتی سامناك وەکو بەفرو زریانو دەعباو دڕندەو ڕێگای سامناك لەقەد چیا هەرەبەزەحمـەت هـەر خلیـسکێیگییان لەدەست دەدیو زۆر شتی دی.

کەواتـە ترسـناکی دەڤەرەکـەو کاریگـەری کۆنە ئایینە خورافیەکان سەرچاوەی ئـەو بۆچونە خراپانەی ئەو موریدانـەن، ئەگـەر نـا چـۆن دەتـوانین تەفـسیری هەنـدێ کـردەوەی سـۆفیو دەروێـشان بکـەین بەرامبەر شێخ، بۆنمونـە: هەندێك لەسـەر لـەپ دەڕۆن بـۆ خزمـەت شـێخو دەسـتی مـاچ دەکـەنو هەنـدێك لـە خزمـەت شـێخ

ڕادەوەستن دەست لەسەر دەست، جارێ یەکێ بە دەروێشێکی گووت: کوڕی شێخ عارەق دەخواتەوە دەروێش بە تووڕەیی گووتی: درۆ دەکەی، کابرا گووتی: دەروێش لەگەڵم وەرە بۆ نادی تا بە چاوی خۆت بیبینی، دەروێش گووتی: بە چاوی خۆیشم بیبینم هەر درۆیە.

لێرە مەسەلە بێ عەقڵیو شێتی نییە، بەڵکو دەروێش لەو بڕوایەدایە ئەگەر کوڕی شێخ نوێژ نەکەریش بێو عارەق خۆریش بێت هەر لە هەموو خەڵك باشترە، چونکە باوکی واسیتەی بۆ دەکات لە لای خوا، کەواتە مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوڕی شێخ بە هەموو عەیبێکەوە لە ئێمە چێترە چونکە کوڕی شێخە.

بڕوا بکە هەندێ دەورێشو سۆفی گێلو وێل کە باسی شەڕە ئەولیا دەکەن بە ئەسراڕو کەرامەت دەڵێی ئەفسانەی دێوی ڕەشو دێوی سپیت بۆ دەخوێنێتەوە، جا ئەو شەڕە شێخە لەسەر دەسەلات چۆن دەگونجێت لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کەدەفەرمێت:

(لایؤمن أحدکم حتی یحب لأخیه ما یحب لنفسه)[11].

واتە: باوەڕی کەستان تەواو نییە تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای موسڵمانیشی پێی خۆش نەبێت.

خۆ شێخ برای یەکترن لە ئایین بۆیێ بە گوێرەی ئەو حەدیسە دەبێت یەکێکیان بۆ خۆی چی پێ خۆشە ئەوەشی بۆ برا وەلیەکەی پێ خۆش بێت، جا ئەوانەی پەیڕەوی ئەو فەرموودەیە بکەن چۆن دەتوانن ئەو شەڕە ئەسرارو کەرامەتە دڕندەییانە بکەن.

## پێشنیار:

من بڕوام وایە ئەو حاڵەتە بەو جۆرە بڕوات زیانێکی زۆر بە ئایینو نەتەوەو میسداقیەتی شێخەکان دەکەوێ، چونکە ئەو جۆرە قسانە هەڵدەڕەخسێنرێن بۆ ئەو کەسانەی دژ بە دینن تانە لە شێخە ڕاستەکان بدەنو هەوڵی سووك کردنی پیاو چاکان بدەنو میسداقیەتیان نەهێڵن، ولە پەنای ئەوانیش تانە لە ئایین بدەن بەگشتی، میللەتەکەیش بەو گێرەو

---

(11) (البخاري في هامش فتح الباري: ١/٥٤، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٨٣) .

کێشەیە خەریك بکەن بە جۆرێك بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی لەبیر بەرنەوە.

بۆیێ من بە پێویستی دەزانم بۆ ڕاگرتنی ئەو تەدەهورە ئەو خاڵانەی خوارەوە پەیرەو بکرێ:

١- جۆرە یەکتر گرتنو هەماهەنگی دروست بێت لە نێوان شێخەکانی ئایین پەروەر، لیژنەیەك دروست بکرێ لە پیاوچاکان بۆ دانانی هەندێ مەرج بۆ ئەو کەسانەی نازناوی شێخیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی ئەو فەوزایەی ئێستا هەیە نەمێنێ، چونکە پێچەوانەی شەرعو عەقڵە تۆ زەلامێ لە مەی خانە بێنیو بیکەیتە شێخو لە جێگای باوکی دایبنێی چونکە کوڕی شێخە.

یان زەلامێکی ناسراو بە نوێژ نەکەری یا ناسراو بە حەرام خۆری یا ناسراو بە دامێن پیسی بکەی بە شێخ.

٢- ئەو کوڕە شێخانەی ناسراون بە نوێژنەکەری یا حەرام خۆری یا عارەق خۆری یا دامێن پیسی دەبێ نازناوی شێخایەتییان لێ قەدەغە بکرێت.

٣- ئەبێ ئەو خەونو خەیاڵانەی سۆفیو دەروێشان کە ناگونجێ لەگەڵ شەرعو دەبێتە هۆی دەم درێژی لەسەر مقامی پێغەمبەری ئیسلامﷺ قەدەغە بکرێ، چونکە هیچ کەس نابێ پلەو پایەی گەورەتر بێت لە پێغەمبەرﷺ یا وەکو پێغەمبەر ﷺ بێت چونکە خوا دەفەرمێ: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [الأحزاب: ٢١] .

یانی: بەڕاستی بۆ ئێوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرمەشقی چاك هەیە. هەمووشمان دەزانین پێغەمبەرﷺ لافی ئەوەی لێنەداوە کە ئەسرار دەزانێ بەڵکو لە کاتی سەفەری مەدینە پیاوێکی بەکرێ گرت تا شارەزایی ڕێگای بۆ بکاتو پرسیاری هەواڵو دەنگو باسی دونیای لە خەڵکی دەکردو خەڵکی دەنارد تا هەواڵی دوژمنی بۆ بێنن.

٤- دەبێت گرنگی بە کردارو گوفتارە جوانو پڕ سوودەکانی شێخە پیاو چاکەکان بدرێ نەك باسی کەرامەتو خەواریق چونکە کردەوە تەرازووی شەرعە نەك خەواریقات بۆیە پیاو چاکان دەڵێن: ئەگەر کەسێك هەرچەند خەواریقی

لەدەست دەهات هیچ حیسابی بۆ نەکەن تـا تەماشـای کردەوەکـانی دەکـەن لـە بارەی پابەند بوونی بەشەرع.

٥- شـێخایەتی بـە ویراسـی نـەمێنێت چونکە ساڵحیو فاسقی بە ویراسەت نییـە بۆیێ زۆرجار لـە فاسقان سـاڵح دەبـێ وە گـەلێ جـار لـە سـاڵحانیش فاسـق دەبـێ، هەروەها پێویستە بۆ سـۆفیو دەروێشان روونکرێتەوە کـە گونـاهێکی زۆر گەورەیـە دەسـتی پیـاوی نوێژنەکـەرو ئـارەق خـۆر ماچ بکەن، چونکە خوا لەو جۆرە کەسانە ناڕازییـە کـە گونـاح دەکـەن، کەواتـە لـەو کەسەش توورە دەبێ کـە پـشتی دەگـرێ یا دەستی ماچ دەکات.

٦- ڕقابەیەکی شەرعی دابنرێ بۆ هۆشیار کردنــەوەی ســۆفیو دەروێــشەکان کــە لـــەکاتی مــــەدحو ســــەنای شـــێخانو پیاداهــەڵگوتنیان یــان لــەکاتی چــونە لایـانو ڕێزیـان لێ دەگـرن مـەدحو سـەناو ڕێزەکەیان لە سنوری شەرع تێنەپەڕێ.

**وصلى اللّه على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين**

**سايتى بەهەشت**
**www.ba8.org**
1429 كۆچى